# بەرنامەی کاری

## کۆمیتەی هاوکاری حزبە کوردستانیەکان لە ئوسترالیا

E-mail: komitayhawkari@hotmail.com

# پێشەکی

لەدوای ئەوگۆڕانکارییانەی کەلەئاکامی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئادار لەباشووری کوردستان وئازاد بوونی بەشی هەرەزۆری ئەوپارچەیەوپێك هێنانی پەرلەمان وحکومەت لەهەرێمی ئازاد کراودا ، دۆزی گەلی کورد کەوتە قۆناغێکی نوێ وکێشەکە چوارچێوەی جارانی بەزاند ولەسەر ئاستی جیهانیەوە پاڵپشتیەکی زۆری بۆخۆی دابین کرد.
هەر لەهەمان کاتدا دوژمنانی گەلی کورد بەپیلانە چەپەڵەکانیان تارمایی دووره بەرێزی خۆیان ئاشکرا دەکرد بەتایبەت کەهەرسێ وولاّتە داگیرکەرەکەی تری کوردستان کۆبوونەوەی دەوری خۆیان ڕێك دەخست لەنێوانیاندا بۆ تێکدەری و پیلان گێڕان دژی هەموو خواستەکانی گەلی کوردستان بەردەوام کارەکانیان بەڕێوە دەبرد، هەتاکو بێهوودەبونیان لەپیلانە پووچەڵکراوەکانیان وکەوتنە ژێر بارومل کەچ بوونیان لەئاست ئاستەنگی نەخشەی سیاسی ناوچەکەو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەپاڵپشتی کردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەماندا، لەبەرامبەر ئەوەدا بزووتنەوەی سیاسی و رزگاریخوازی گەلەکەمان لەقۆناغ و شێوازی نوێی تێکۆشان لەتەواوی پارچەکانی کورستاندا فەرامۆشی ئەرکە مێژووییەکانی دەرهەق بە گەلەکەمان نەبووە ، بەلکوهەمووکات وەکو پێشڕەوێك ڕۆڵی خۆی بینیوە و لەهەموو کونجێکی جیهاندا لە هەوڵی ریسواکردن و بەرەنگاربوونەوەی دوژمناندا بووە ، وەکو هەموو شوێنێك ئوستralیاش نمونەیەکە لە جێنشینی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان وهێزو پارتیە سیاسیەکانیش لەنێوانیاندا بۆ پەرەدان و بەردەوامی خەبات و زیاتر کار کردنی هاوبەشی بیرۆی ئەم زیاتر کار کردنی هاوبەشی بیرۆی ئەم کۆمیتەیە گەلاڵە بوو لەلای هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بۆخزمەت کردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان لە ئوستراليا .

# بەشی یەکەم

## بڕگەی یەکەم

**ناو :**

**کۆمیتەی هاوکاری حزبە کوردستانیەکان لە ئوستراليا**

## بڕگەی دووەم

**پێناسە کردن :**

کۆمیتەیەکی سیاسیە لە نێوان نوێنەرانی حزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لە ئوستراليا ، لە پێناو هاودەنگی و کاری هاوبەش و پتەوکردنی پەیوەندی زیاتر لەگەڵ یەکتردا و گەیاندنی کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان بەهەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی سەرگۆڕەپانی سیاسی لەئوستراليا ، بەپێی مەرجە یاساییەکان لە وولاٚتی ئوسترالیادا .

## بڕگەی سێهەم

**ئامانجەکان :**

1- کارکردن لەناو ڕەوندی کوردستانی ، لە پێناو پێگەیاندن و هۆشیار کردنەوەی تەواوی پێکهاتەکانی دەربارەی ڕەوشی گەلەکەمان ، بەبێ جیاوازی ڕەگەزی وئایینی .

2- یاد کردنەوەی یادە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکان لەکاتی خۆیاندا، بەتایبەت یادی(کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال) ویاد کردنەوەی (جەژنی نەورۆز) و (کۆماری مهاباد) ویادە نیشتمانیەکانی تر .

3- هەوڵدان بۆدروست کردنی پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ هێزوپارتە سیاسیەکانی گۆڕەپانی سیاسی و کەسایەتی وسیناتۆروئەندام پەرلەمانەکانی ئوسترالی ، لەپێناو ناساندن و پشتیوانی کردنی ئەوان بۆدۆزی رەوای گەلەکەمان .

4- ئەنجامدانی چاوپێکەوتن وکۆڕوکۆبوونەوە لەگەڵ جەماوەر و رێپێوان و رێکخستنی چالاکی جۆراو جۆرو بلاۆکردنەوەی بەیاننامە و راگەیاندن لەدەزگا راگەیاندنەکاندا بەتایبەت لەکاتی رووداوو پێویستدا .

5- هەماهەنگی دەربرین لەگەڵ رووداوودەستدرێژی کردنی دوژمنان بۆسەرهەموو پارچەکانی کوردستان .

6- پالپشتی کردنی بریارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەفەرمی ناسینی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئوسترالیا.

7- پاراستنی ریزەکان و بەتەنگەوە هاتنی یەکتر واتای ئاسایشی نەتەوایەتی کوردستان دەنوێنێ و ئەرکێکە دەکەوێتە ئەستۆی هەموو لایەنەکان بۆ بەرژەوەندی گشتی .

8- پالپشتی و هاودەنگی کردنی دەزگا کۆمەلآیەتیەکانی ناو رەوەندی کوردستانی لە ئوسترالیا لەپێناو جێ بەجێ کردنی بەرنامە و ئامانجەکانیان .

## بەشی دووەم

### برگەی چوارەم

**لایەنی رێکخستنی کۆمیتەکە :**

1- کۆمیتەی حزبەکوردستانیەکان پێکهاتووە لەنوێنەرانی حزب ولایەنەکوردستانیەکان

هەرحزبێك یەك نوێنەر کە بەفەرمی نوێنەرایەتی حزبەکەی بکا.

2- بەستنی کۆبوونەوەی دیاریکراو هەردوو مانگ جارێك ولەکاتی پێویستیشدا کۆبوونەوەی ناکاوی پەیوەست بە ڕووداوەکان دەبەسترێ .

3- کۆمیتە ، کۆبوونەوەی فراوانی خۆی ساڵی جارێك دەبەستێ ، بۆ تێبینی وپێشنیارو گۆڕانکاری بنەڕەتی لەم بەرنامەیەدا تەنها لەم کۆبوونەوەیەدا ئەندامان دەتوانن ڕاوو بۆچوونەکانیان سەبارەت بەدەرهاوێشت وخاڵەکانی ئەم بەرنامەیە ئاراستەوشرۆڤە بکەن.

4- لەکاتی بڕیاردانی هەر بڕیارێك سەرەتا بەپێی گونجاو و ڕێکەوتن لە نێوان ئەندامانی بڕیارەکە پەسند دەکرێت ، ئەگەرهاتوو ئەنجامەکەی نەگەیشتنە مەبەستی ڕێك کەوتن ئەوکات بەپێی ڕێژەی زۆرینەی دەنگ دان بڕیارەکە پەسند دەکرێت .

5- ئەندامانی کۆمیتە نابێ بەهیچ شێوەیەك پێشێل کاری و بێ ڕێزی لەنێوانیاندا دەرهەق بەیەکتری بنوێنن ، لەکاتی ڕوودانی هەرجۆرە پێشێل کارییەك ئەوکات کۆمیتە دەبێ چارسەرییەك بدۆزێتەوەودەستپێشکەری پێشێل کارییەکە دووربخاتەوە لەکۆمیتە .

6- تەرخان کردنی بودجەیەك لەشێوەی ئابوونە بۆ خەرجەکانی کاروباری کۆمیتە بەمەبەستی ئاسانکاری کارەکان و ڕێکخستنیان .

## بڕگەی پێنجەم

### مەرجەکانی بوون بە ئەندامێتی :

ئەم کۆمیتەیە پێك هاتووە بۆهەموو ئەو لایەنانەی کەوا بڕوایان بە کاری هاوبەش و هاوکاری هەیە لەپێناو ئامانجە سەرەکیەکانی گەلەکەمان بەتایبەت ئەم مەرجانە لەبەر چاو بگرێ :

1- بڕوای تەواوی بەم بەرنامەی کارە هەبێ بۆکاری هاوبەش .

2- ئاراستە کردنی نامەی داواکاری بەناوی لایەنەکەوە لەگەڵ هاوپێچ کردنی نامەی

فەرمی نوێنەرایەتی کردن لەلایەن سەرچاوەی ناوەندی لایەنەکەوە .

3- بەشداری کردنی هەر چالاکیەك کە لەلایەن زۆرینە بڕیاری لەسەر درابێ .

4- دەبێ بەپێی پرنسیپەکانی دیموکراتیەت بڕوای بەدەرئەنجامی هەربڕیارێك بێ کەزۆرینەی دەنگی هێنا بێ .

# بەشی سێهەم

## بڕگەی شەشەم

**پێکهاتەی کۆمیتە :**

**1- ئەندامانی کۆمیتە**

**2- ڕێکخەر(بەرهەڤکار) ی کۆمیتە**

**3- دەستەی ڕاگەیاندن**

**1- ئەندامانی کۆمیتە**

لەنوێنەرانی ئەو لایەنانە پێك دێ کە لە کۆمیتەدا ئەندامن ، بەتایبەت ئەو نوێنەرانەی کە کاغەزی واژە کراوی فەرمیان لەلایەن سەرچاوەی ناوەندی حزبەکانیان بۆکراوە بۆئەوەی زمانحاڵی حزبەکەیان بن لێرە ، ئەندامانی کۆمیتە ئەوخاڵانەیان دەکەوێتە ئەستۆ کەپێویستە ڕەچاوی بکەن ئەویش ئەمانەن :

ئـ- بەشداری کردنی کۆبوونەوەکانی کۆمیتە بەشێوەیەکی ڕێك وپێك ولەکاتی خۆیدا .

ب-خۆ ئامادە کردن وخاڵبەند کردنی ناوەڕۆکی باسەکان پێش وەخت وئاراستە کردنی لەکاتی دیاریکراوو نۆرەییدا .

ت-لەبەرچاو گرتنی پیرۆزی کۆبوونەوەوڕێگە بەخۆ نەدان لەپێشێل کاری دەرهەق بەئامادەبووان وسەرپەرشتی کاری کۆبوونەوەومل کەچی بوونی بڕیارەکانی لەکاتی بەڕێوە بردنی کۆبوونەوەدا .

ح-ڕەخنە گرتن مافێکی ئاساییە بۆچارەسەر کردن وچاك کردنەوە ، بەلاّم بیّ بریندارکردنی هەست و فەراهەم کردنی ڕێزگرتن و ستایش کردن لەیەکتر.

## 2- ڕێکخەر(بەرهەڤکار) ی کۆمیتە

هەڵبژاردنی ئەندامێك بۆ ڕاپەڕاندن وڕێکخستنی کاروکۆبوونەوەکانی کۆمیتە وەك (ڕێکخەر) یاخود (بەرهەڤکار) بۆ کۆمیتە ، بۆمەبەستی هەڵبژاردنی ئەو ئەندامە لەنێوان ئەندامانی کۆمیتەدا بۆ ماوەی شەش مانگی دیاریکراو بەپێی هەڵبژاردنی ڕیزبەندی ناوی حزبەکان دەست نیشان دەکرێت ، ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی ڕێکخەر بۆ جیّ بەجیّ کردن و ڕاپەڕاندنی ئەمانەن :

ئـ-ڕێکخستن وتێکست کردنی بەرنامەونووسینەوەی کۆنووسی کۆبوونەوەکان وپەیوەندی کردن بەلایەنە پەیوەندیدارەکان .

ب-ئاگادار کردنەوەی ئەندامان لەکات وشوێنی کۆبوونەوەوچالاکیەکان پێش چەندڕۆژێك بەر لەوەدا .

ت - بەرپرسیارێتی لەدەرامەت وخەرجی بەردەست کە لەنێوان ئەنداماندا کۆدەکرێتەوە بۆ مەبەستی کار ئاسانکارییەکانی کۆمیتە .

## 3- دەستەی ڕاگەیاندن

ئەم دەستەیە لەنێوان ئەندامانی کۆمیتەدا هەڵدەبژێردرێن ، کارەکانیان لەچوار چێوەی بڕیارەکانی کۆبوونەوەکاندا جودا ناکرێتەوە بەتایبەت لەکاتی بەیاننامە دەر کردن و

ئـ-نوسینەوەی دەقە سەرەتاییەکانی بەیاننامە و ووتار بۆ بۆنەو یادەکان پێش بڕیاردانی لەلایەن ئەندامانی تری کۆمیتە .

ب-هەڵسان بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆژنامە و ڕادیۆکان پاش ڕاسپاردنیان لەلایەن کۆمیتەدا .

# کۆتایی

# کۆمیتەی هاوکاری حزبە کوردستانیەکان لە ئوستڕالیا پێکهاتووە لەم حزبە کوردستانیانە :

1- یەکێتی نیشتمانی کوردستان ............................... کۆمیتەی ڕێکخستنی ئوسترالیا

2- پارتی دیموکراتی کوردستان ................................ لێژنەی ناوچەی پاسفیك

3- حزبی شیوعی کوردستان - عێراق ......................... ڕێکخراوی ئوسترالیا

4- حزبی دیموکراتی کوردستان – ئێران ..................... کۆمیتەی سیدنی - ئوسترالیا

5- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان – ئێران ..........کۆمیتەی سیدنی- ئوسترالیا